# سوپاسنامە بۆ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

عەلی مەحمود محەمەد

تا ئێستا زۆرکەم ڕێك کەوتووە لە ژیانی پارتە سیاسییەکان لە کوردستان گوێ لە جەماوەر بگرن و وەلام بە داخوازییەکانییان بدەنەوە , لە کوردستان 59 نووسەر کاتێك ویستییان خۆیان بسوتێنن لە پێناو ئاشتیدا کەچی کلّپەی ئاگری شەڕی ناوخۆیی گەرمتر بوو . خەلّك داوای دادگایی تاوانباران و فایل چی و ئەنفال چی و شەڕچی و دزچییەکانیان کرد , کەچی پلەو پایەیان گەورەتر کرا .

من وەك هاوڵاتییەکی شاری کەرکوك کاتێك لە بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیاوە لە بەرواری 26-1-2004 کاتژمێر 8 ی شەو سەرباری دەربڕینی ڕەخنەی زۆر توند لەوەی پارتی چارەسەر نەبردراوەتە ناو لیستی برایەتی کە دەبوایە شوێن هەموو هێزو لایەنێکی تێدا بکەنەوە باوەڕی بە برایەتی هاونیشتمانییان و کوردستانی بوونی کەرکوك هەبوایە , سەرباری ئەوەی زۆر کەسی وا لەو لیستەدا هەیە ناتوانێت نوێنەرایەتی من بێت لەو لیستەدا , داوام لە پارتی چارەسەری کرد لیستی خۆیان بۆ پارێزگای کەرکووك هەلّوەشێننەوە بە قازانجی لیستی برایەتی کەرکووك وەك خزمەتێك بە کوردستانی بوونی کەرکوك. لە وەلامدا ڕۆژی 27-1-2004 دا مەکتەبی سیاسی پەچەدەکە داواکارییەکەیان قەبولّکرد و لیستی خۆیان هەلّوەشاندەوە بە قازانجی لیستی برایەتی . ئەمەش لە خزمەت کوردستانی بوونی کەرکوك و بە هەدەر نەدانی دەنگی کورد و برایەتیخوازانی کەرکووکە .

ئەم هەلّوێستەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان نیشانەی دلّسۆزی ئەو پارتەیە بۆ داخوازی جەماوەر و کوردستانی بوونی ئەو شارەو گوێگرتنە لە داواکاری و ویستی هاوڵاتییان .

هیوادارم لە داهاتوودا ئەمە ببێتە نەریتێکی سیاسی باو لە ژیانی سیاسی کوردستانداو پارت و لایەنەکان کەش وەلامی داواکاری جەماوەر بدەنەوەو گوێ لە داخواز و ویستەکانییان بگرن .

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم پارتە لە هەلّبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق دەخوازم .